# کامێرا ٣٦٠ پلەکەی سامسۆنگ و تایبەتمەندییەکانی



کۆمپانیای سامسۆنگ نوێترین کامێرای **٣٦٠** پلە واتە (Samsung gear 360) خستەڕوو.. کامێراکە هەر لە ناوەکەی را دیارە **٣٦٠** پلە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێ و بە کوالیتی k4 فیلم هەڵدەگرێتەوە، لێنزێکی F2.2 هەیە و دەتوانێت وێنە بە کوالیتی زۆر بەرز بگرێ.

لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەو کامێرایە ئەوەیە کە لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و راستەوخۆ دەتوانی فیلم و وێنەکان بگوازیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios دەگونجێت.

تایبەتمەندییەکی دیکەی کامێراکە ئەوەیە لەگەڵ ئیکۆ سیستەم و واقیعی مەجازی دەگونجێت. هەر لەسەر کامێراکە دەتوانی وێنەکە دەستکاری بکەی و فۆرماتەکەی بگۆڕی و ئێفێکت و فیلتەری تایبەتی بۆ دابنێی.

## لاپتۆپێکی بچووک بەقەد مۆبایلێک

هەرچەندە مۆبایلەکان زۆر ئەرکی کۆمپیوتەر ئەنجام دەدەن، بەڵام هێشتاش ناتوانن هەموو ئەرکێك ئەنجام بدەن و بە جۆرێك کە پێویستمان بە کۆمپیوتەر نەبێت. کۆمپیوتەری بچوك و وردیلە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا بەرهەم هاتوون، زۆربەیان بۆ سوود لێوەرگرتن پێویستیان بە شاشە بووە، شاشەی تەلەڤزیۆن یان هی دیکە.. بەڵام کۆمپیوتەری بچووکی GPD Pocket کە زیاتر وەك لاپتۆپێك دەچت و قەوارەی بەقەد مۆبایلێکە، هەموو ئەرکێکی کۆمپیوتەرێکی مەزن ئەنجام دەدات. کۆمپیوتەرەکە ویندۆز ١٠ لەسەرە، باترییەکەی بە هێزی هەیە کە درەنگ دادەبەزێ، کیبۆرد و شاشەکە لێك جیا ناکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەیدا خۆی کیبۆردی هەیە دەکرێت کیبۆرد و ماوسی تایبەتیشی بۆ دابندرێ.







# شەحنێکی مۆبایل و چەند ئەرکی گرنگ

شەحنی مۆبایل ئەوەی کە تایبەتە بە ناو ئۆتۆمبیل، بۆ ئەو مەبەستە بەرهەم هاتووە کە لە ڕێگادا مۆبایل یان ئامێرێکی دیکەی دیجیتالی شەحنی دانەبەزێت، لەم ماوەیەدا کۆمپانیایەك جۆرێك شەحنی مۆبایلی بەرهەم هێناوە کە بە Stinger ناسراوە، جگە لە بارگاوی کردنی مۆبایل و ئامێرەکانی دیکە دوو ئەرکی گرنگیش ئەنجام دەدات و لە ڕاستیدا فریادرەس و ڕزگاریکەری بەکارهێنەرەکەیەتی.. ئەوکاتەی کە تووشی کارەساتێك دەبی و دەبێت پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکە بشکێنی، چەکوچێکی سپرینگی بەهێزی تێدایە کە دەستبەجێ پەنجەرەکە دەشکێنێ، ئەو کاتەی کە پشتێنەی سەلامەتی دەبێتە کێشە بۆ ئەوانەی لەناو ئۆتۆمبیل دا ماون، کەتەرێکی تیژی هەیە کە بەهێزترین پشتێنەکان دەبڕێت.



# ئامێرێکی گرنگ ئایندەی مۆبایل دەگۆڕێت



شاشەی مۆبایلەکان بچووکە و ناکرێت ئەوەی لەسەر مۆبایلەکە گشت سەیری بکەن، ئامێری تایبەتی بەرهەم هاتوون کە ئەوەی لەسەر مۆبایلەکانە دەگوازێتەوە بۆ سەر شاشەی تیڤیەکان..

سامسۆنگ لە هەنگاوێکی نوێدا ئامێرێکی نوێی لەم بوارەدا بەرهەم هێناوە کە بە ئاسانی ئاپەکانی ویندۆز، ئەندرۆید بۆ سەر شاشە مەزنەکان دەگوازێتەوە.

لە ڕاگەیاندراوی کۆمپانیای سامسۆنگ داهاتووە: ئامێرەکەمان کە ناوی dex زۆر بە سانایی لە گەڵ مۆبایلەکان دەگونجێت و ڕاستەوخۆ ئەوەی لەسەر مۆبایلەکان دەگوازێتەوە سەر دیسکتۆپ، بەکارهێنەران لەسەر شاشە مەزنەکان بە سوود وەرگرتن لە کیبۆرد و ماوس دەتوانن ئاپەکان بکەنەوە، فایلەکان دەستکاری بکەن و بنووسن، سەیری ماڵپەڕەکان بکەن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چات بکەن، هەروەها وەڵامی پەیوەندییەکانیش بدەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە مۆبایلەکەیان لەسەر dex station دادەنێن کە وەك دەفرێکی بچووك دەچێت و ئەو دەفرە بچووکەش شوێنی دانانی کیبۆرد و ماوسی هەیە و بە کێبڵی HDMI بە تەلەفزیۆن پەیوەند دەدرێت لەگەڵ ئەوەشدا مۆبایلەکەش شەحن دەکاتەوە.



## کامێرایەکی منداڵان بۆ وێنەگرتنی خێرا

ئێستاکە لە زۆر شوێنە گشتییەکان کامێرا هەیە کە لە ماوەی دوو خولەکدا وێنەیەکی خێرا دەگرێ و دەتداتەوە.. سەردەمی بەر لە دیجیتالی بوونی کامێراش، کامێرای پلۆراید هەبوو کە لە ماوەیەکی کەمدا وێنەکەی دەداوە، ئێستا کامێرایەکی بچووك بۆ منداڵان بەرهەم هاتووە کە لە ماوەی کەمتر لە خولەکێکدا وێنەکە دەداتەوە..

کامێرای جۆری Instax Mini 9 کە لەلایەن فوجی فیلمی ژاپۆنییەوە بەرهەم هاتووە، زۆر بە خێرایی وێنەدەگرێ و دەیداتەوە، تەنانەت ئەوەندە خێرا کە بە فریای ئەوە ناکەوی بەر لە دیتنی وێنەکە بە جوانی سەیری بکەی.. هەرچەندە ئاوێنەیەك لە پێشەوەی کامێراکە هەیە چ لەسەر ئاوێنەکە ببینی وێنەکەت ئاوا دەردەچێ.

کامێراکە چونکە زۆر تایبەتە بەمنداڵان بۆیە ستایلەکەشی لەگەڵ ئەوان دەگونجێ و ڕەنگاوڕەنگیشن و چەندین ڕەنگی تایبەتی هەیە.





## پاوەربانکێکی تایبەت ت

پاوەربانکەکان، واتە ئەو شەحنە گەڕۆکانەی کە بۆ ئەو کاتانەی کارەبا یان وزەیەکی دیکە لەبەردەست دانییە بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرە دیجیتالییەکان لەلایەن زۆر کۆمپانیاوە بەرهەم هاتوون.. گەرچی توانا و ستایل و قەبارەیان جیاوازە، بەڵام هەموویان یەك کار ئەنجام دەدەن ئەویش شەحنکردنەوەی ئامێرە دیجیتالییەکان.

پاوەربانکێکی تایبەت بەرهەم هاتووە تایبەتمەندی جیاوازە لەوانی دیکە، ئەو پاوەربانکە ئەوکاتەی کە مۆبایلەکە پڕ بووە ئۆتۆماتیکی وزەکە دەبڕێ، بەم هۆیەوە باتری مۆبایل یان ئامێرەکانی دیکە درەنگتر



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت چ ڕێگایەك هەیە بۆ ئەوەی کە فلاش میمۆرییەکان کە دەخرێنە سەر کۆمپیوتەر ئەگەر ڤایرۆسیان تێدایە ڤایرۆسەکە بڵاونەبێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر ڕێگا و شێواز و پرۆگرام هەن.. بەڵام لە هەموویان سەرکەوتووتر پرۆگرامی USB Disk Security یە. کاتێك ئەو پرۆگرامە دەخەیە سەر کۆمپیوتەر.. تەنیا ئیزن بەو فلاش میمۆریانە دەدات کە بەکارهێنەری کۆمپیوتەری بۆی دیاری کردووە. ئەگینا هیچ فلاش میمۆرییەك داتاکانی نە کۆپی دەکرێن و نەدەخوێندرێنەوە و نە داتای دەچێتە سەر.. هەرچەندە ئەگەر نیازت هەبێ فلاش میمۆری دیکە بەکار بێنی، بەشێکی هەیە بەناوی Safe Open کە وەك ئەنتی ڤایرۆسێکی بەهێز دەچێت.




## ڕۆبۆتی وێنەگر ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدات

پێدەچێ لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ڕۆبۆتەکان زۆربەی ئەرکەکانی ماڵ و دەرەوەی ماڵیش ئەنجام بدەن.. لەم چەند ساڵەدا کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتالی گرنگی زۆریان بە بەرهەمهێنانی ڕۆبۆت داوە.. ڕۆبۆتی جۆری (PLEN cobe) یەکێکە لەو ڕۆبۆتانە.. کامێرایەکی بەهێزی تێدایە و دەکرێ بە دەنگ فەرمانی پێبکەی کە وێنە یان فیلم بگرێت. ڕوخسارەکان دەناسێتەوە. دوای ئەو کەسە دەکەوێ کە بەکارهێنەر بیهەوێ. وێنە بە شێوەی پانۆراما دەگرێ.

تایبەتمەند گرنگەکانی دیکە ئەوەیە کە ئامێرەکانی دیکەی ماڵەوە بەهۆیەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. بۆ نموونە دەکرێت بە دەنگ پێی بڵێی کە سپیلت بکوژێنێتەوە، یان تەلەڤزیۆن هەڵبکات، شاشەیەکی هەیە کە زانیارییە پێویستەکانی وەك کەش و هەوا، کاتژمێر و ڕۆژمێر نیشان دەدات.

دوا زانیارییەکان لەبارەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات، دەکرێ بە جوڵەی دەستیش فەرمانی پێبکەی وەك دەنگی ئامێرەکان کەم و زیاد بکات یان کەناڵەکان بگۆڕێت.





## ـــــــەمەنی مۆبایل زیاد دەکات

تێکدەچن و بەرگری زیاتریان دەبێت.

پاوەربانکەکە لەو کاتەیدا کارەبا هەیە لەگەڵ شەحن بوونەوەی خۆی ئامێرەکانی دیکەش شەحن دەکاتەوە، چونکە سەرێکی USB هەیە کە بە خێراییەکی زیاتر ئامێرەکان شەحن دەکاتەوە.

تایبەتمەندییەکی گرنگی پاوەربانکەکە ئەوەیە کە دەبێتە دوو بەش، بەشێکی تەنك کە بەقەند بیزنیس کارتێك دەبێت دەتوانی لە جزدانی دابنێی و بۆ کاتی پێویست مۆبایل یان ئامێری دیکەی پێ شەحن بکەیەوە.



## سایتێکی بە سوود بۆ سیمینار و گفتوگۆ

ڕەنگە زۆربەتان لە سایتی Skype دا ئەکاونتتان هەبێ، سکایپی بۆ پێکهێنانی سیمینار و چاتی بە گروپ بە سوودە.. بەڵام حەتمەن دەبێ ئەکاونتی خۆت لەو سایتەدا هەبێ، بەبێ ئەکاونت ناتوانی گفتوگۆ بکەی.. ئەگەر لەسایتێك دەگەڕێی بەبێ ئەکاونت و بە شێوازێکی ئاسان پەیوەندی لەگەڵ دۆستانت دابمەزرێنی ئەوە سایتی https://appear.in/ بەکار بێنە.. سایتێکی زۆر ئاسان. تەنیا ژوورێك بۆخۆت دروست دەکەی و دۆستانت بانگهێشتی ئەم ژوورە دەکەی.. بە چوونەدەر لە سایتەکە ئیدی ئەو ژوورەش دەسڕێتەوە.